# جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان:
# سیناریۆی "هەڵبژاردن" گاڵتە جارە، تەحریم وریسوای بکەن!

بریار وایە جاریکی تر پەنجەمۆرتان بۆ چارەنووس وئایندەیەك وەربگیریت کە هیچ پەیوەندیەکی بە خواست وئامانجەکانتانەوە نی‌یە. جاریکی تر ئیوە بەرەو سندوقەکانی هەلبژاردنیکی موزەیەفو بی‌ناوەرۆك بە کیش دەکرین کە هیچ ئومیدو ئالوگۆریٚ ناخاتە بەرچاو، هەر بۆیە پیش وەخت لیستیان حازرە، کورسی‌یەکانیان وەك برا گەورە وبرا بچوك لە نیو خۆیاندا بەش کردووە، تەنها بانگتان دەکەن بۆیان مۆرکەن. ئەم سیناریۆیە تازە نی‌یە ودوانزە ساڵ لەمەوبەریش بینیوتانە. پەنجەمۆرتان بۆ ئیعلانی بیٚدەسەلاتی وتەسلیم بوونتان بۆ تاڵترین ئەمری واقع وەردەگرن. ئەمە نمونەیەکە لە بەیعەت بۆ سەپاندنی ئەوەی ئەحزابی کوردایەتی دەسەلاتدار هەروا خەریکی سەودا ومامەلە وکرین وفرۆشتنی چارەنوسی خەلکی کوردستان بن، نەك هەلبژاردن بۆ ئەوەی خواستی ئیوەیە.

83 ساڵ لەمەوبەر لە ئەنجامی بەیعەتی سەرۆك عەشیرەت ودەرەبەگەکانی کوردستان، بەدەر لە خواستو ئیرادەی خەڵکەکەی، ئەم ناوچەیەیان کرد بە بەشیٚك لە عیراق، خەڵکی کوردستانیان کرد بە ڕەعیەتی ڕژیٚمیٚکی قەومی عروبی. سەرەتای تراجیدیای دەیان ساڵەی پڕ لە سەرکوت و کوشتار وجینۆساید وکیمیابارانی ئیٚمەیان بە نرخی وەرگرتنی ئیمتیازاتیٚکی پووچ تۆمار کرد. ڕایانگەیاند کە خەلکی ستەمدیدەی کوردستان هاووڵاتی دەرەجە دووی عیراقن، کوردزمانی نیشتەجیٚی ووڵاتیکی عەرەبین. ئەمڕۆ جاریکی تر دەسەلاتداران وسەرمایەدارانی کوردستان هەمان یاری دەکەنەوە. بەلام ئەمجارە پەنجەمۆری دانە بەدانەی ئیٚوە بە ناوی هەلبژاردنەوە وەردەگرن بۆ چارەنووسیٚك کە هیچی لە هەشتا ساڵی ڕابردوو کەمتر نابیٚت.

## خەڵکی ستەم دیدەی کوردستان:

بەشداریتان لەم بەناو هەڵبژاردنە بە مانای ڕەزامەندی نیشاندانە بۆ بوون بە ڕەعیتی دەوڵەتیٚکی ئیسلامی یا ناسیۆنالیستی عەرەبی، قبووڵ کردنی دەرەجە دوویی‌یە، ڕازی بوونە بە ژیرچەپۆکەیی. ئەم یاری‌یە ڕیسوایە، ئیٚمە لە حزبی کۆمۆنیستی کریٚکاری عیراق ئەم بەناو هەڵبژاردنە موقاتەعە وڕیسوا دەکەین، نابیٚ ڕیگە بدەین ئەم یاری‌یە بۆ سەرۆك عەشیرەت وسەرمایەدارانی کوردستان بچیٚتە سەر، بەر لە هەر هەڵبژاردنیٚك دەبیٚت ریفراندۆم بەرپا بکریٚت، بەرلەوەی پەنجە مۆری خەڵك بۆ بەستنی ئیجباری کوردستان بە عیراقەوە وەربگیریت، دەبیٚ خەڵك لە ڕاپرسی‌یەکی ئازاددا بڕیاری خۆیان لەسەر ئەوەبدەن کە چی‌یان دەویٚت: سەربەخۆیی یان مانەوە لە عیراقدا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە کەس وەکیلی خەڵکی کوردستان نی‌یە.

## جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان:

ئیٚوە کە چەند مانگ لەمەوبەر دوو ملیۆن ئیمزاتان بۆ ریفراندۆم دا لە مافی ئینسانی خۆتان مەبوورن، لەگەڵ ئیٚمە، لەگەڵ کۆمۆنیستە کریٚکاری‌یەکانی کوردستان، گالتەجاری هەڵبژاردن، موقاتەعە و ڕیسوا بکەن.

هەربژی کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ

ئەمجەد غەفور

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق

دیسەمبەری 2004